# یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٩**
**مێژووی بڕیار:١٩٩٧/٩/٢٣**

**بڕیار**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادە (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢داو، لەسەر داخوازیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی ئاسایی خۆی لە رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ دا ئەم یاسایەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣

**مادەی یەکەم:**
مادەی یەکەم لە یاسای یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٣ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەبێت:
لیژنەیەک پێک دەهێنرێت بەناوی یانەسیبی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بەسەرۆکایەتی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و بە ئەندامێتی نوێنەرانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێم و ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و لێپرسراوی فەرمانگەی (ئامار)ەوە.

**مادەی دووەم:**
کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

**مادەی سێیەم:**
لەسەر وەزیرە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**مادەی چوارەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**